تەقەکردن لە ناو زانکۆیەکی ئەمریکا کوژراو و بریندارى لێکەوتەوە



زانکۆی کارۆلینای باشور ئەمڕۆ هەینی رایگەیاند، بەهۆی تەقەکردنەوە لەناو یەکێك لە کەمپەکانی نیشتەجێبونی خوێندکاران، دو کەس کوژراون و یەکێکی دیکەش بریندار بوە.

زانکۆی کارۆلینای باشور رایگەیاند، تەقەکردنەکە ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە لەناو کەمپی زانکۆکە ڕویداوە و لە ئەنجامدا دو کەس گیانیان لەدەستداوە و کەسێکی دیکەش بریندار بوە کە بە چارەسەر گەیەندراوەتە نەخۆشخانە.

ڕونیشیکردەوە، تەقەکردنەکە لە یەکێك لە شوقەکانی ناو کەمپەگەی نیشتەجێبونی خوێندکاران ڕویداوە، و بوەتە هۆی داخستنی کەمپەکە بۆ چەند کاتژمێرێك.

هێزەکانی پۆلیس گەیشتونەتە شوێنی ڕوداوەکە و تاوەکو ئێستا هیچ کەسێك بەتۆمەتی تەقەکردن دەستگیرنەکراوە و گەڕان و بەدواداچونیش بۆ دەستگیرکردنی ئەو کەسەی تەقەی کردوە دەستیپێکردوە.